


**شیعری هاوچەرخی فارسی**

# شەمس لەنگرودی

**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**

١
شیعر
هەندێجار فرینی چۆلەکەیەکی
شادومانە
کە خولەکێکی تر
باڵندەیەکی تر
دەیخوات.

٢
تەمەن
نامەیەکی کە بۆ یەکتری دەنووسین
بە نووکی باڵەکان
لەسەر دەریا.

٣
شیعر
زمانی باڵندەکانە
لە بەردەم دەرگا سولەیماندا
کاتێ کە پەیامبەرێك جگە لە تۆ
لە ماڵەوە نییە.

٤
خەون
دەنگی گوڵێکە
لە ماڵێکدا
کە گوڵی تیا نییە.

٥
ئەمڕۆ
لە هەموو شوێنێك پشوویە
بەڵام مێشکم زۆر مەشغوڵە
خەریکم بیر لە تۆ دەکەمەوە.

٦
شیعر
پردێکە لە گەڵا
بەسەر ڕووبارێکەوە
کە ئاوەکەی نابینین.





٧
لە هەر وێستگەیەکدا دابەزییت
لە پەنای تۆدام
ئەم شەمەندەفەرە
وەك هەمیشە لەناو دەستمدا دەڕوات

٨
لە ئامێزی یەکدا
لەم بازنە بێکۆتاییەدا
من درێژەی تۆم
یا تۆ درێژەی منی؟

٩
وەك میوەیەکی کەوتوو
دڵم تەنگە
میوەیەك کە درەختەکەی بڕاوەتەوەو
بردوویانە.

١٠
دەتوێیتەوە ئەی بەفر
کاتێك بزانیت
چیت بە سەرمدا هێناوە.

١١
ئێستا کە پڵنگێکی بەفرین
قوتی داوم
چارە نییە
دەبێت دانیشم و
سەیری توانەوەی بکەم.

١٢
ناموێ بیر لەو درەختە بکەمەوە
کە کتێبخانەیان لێ دروستکردووەو
کورسییەکیشی منم.

١٣
هەموو رۆژەکان یەك رۆژن
پارچە پارچە
لەناو شەوێکی بێ کۆتادا

١٤
شەڕ شتێکی خراپ نییە
تێکدەشکێم و
تۆ داگیر دەکەیت.

١٥
سەیری گوڵە هەنارەکان بکە
لە بەفری زستاندا
دوور لە تۆ
تەنیا شۆرەبی نییە
کە شێتە

١٦
شیعر
وەك قسەکردنە
لە خەودا
سەرەتا کەسانی ترو
پاشان تۆ
خەبەر دەکاتەوە



## دەق

١٧
بەو جۆرەش کە بیرمان دەکردەوە
رۆژەکانمان بێ مانا نەبوون
ئەمڕۆ کە لەنێوان ئێمەوەدا نیم
دەزانم.



١٨
دەبێت
بەردەوام گوێت بۆ
زەنگ هەڵخستبێت
ماڵ بە ماڵ
عیشق لە دەرگە دەداتو
دووردەکەوێتەوە.

١٩
بارانی بەیانی
بەسەر دەفتەری شیعرمدا دەبارێت
تەم بەسەر وشەکانمدا
شەپۆل دەدات
دەزانم بەلەمەکەم
بەدرێژایی رۆژ
بە سەرگەردانی دەمێنێتەوە.

**سەرچاوە:**
لب خوانی قزل الای من، چاپ اول، ١٣٨٨، موسسەی انتشارات اهنگ دیگر.